# ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما،
# وەکو یەکن؟!




ئەم چەن دێرە کە لە ژێر سەردێڕی **ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما، وەکو یەکن؟** ئەکەوێتە بەردەستان ساڵی 2000 لە ژمارە 72ی **کوردستانی نوێ** لە لەندەن، ساڵی 2001 لە 3/15 لە ژمارە 2402 **کوردستانی نوێ** لە کوردستان چاپکراوە.

سپاس بۆ دۆستانی کوردستانی نوێ.




هەموو ساڵێ کە یادی کارەساتی هەڵەبجە ئەکرێتەوە، هێندێک لە رووناکبیر و سیاسییەکانی کوردستان بوومبارانی شیمیای هەڵەبجە بە بوومبارانی ئەتۆمی هێرۆشیما و ناکازاکی هەڵئەسەنگێنن. ئەو بۆچونە لە هۆنراوەکانیشدا دەبینرێت و کراویشن بە گۆرانی. با سەیری چەند نموونە لەو هۆنراوانە بکەین:

**بە بۆمی شیمیایی و مووشەک و ئەبزاری وێرانگەر**
**وڵاتی نیشتمانی ئێمە وێنەی هێرۆشیمایە**

مامۆستا حەقیقی، ل 12

**گەڕە؟ شەڕە؟ ئەشکەنجەیە؟ سوتانی هێرۆشیمایە؟**
**مردن بردن بۆ سەبرایە؟ قەڵاچۆی شەتیلایە؟**

مەلا عەمەر سالیحی، ساحیب، ل32

**هێرۆشیما...**
**ئەی قوربانی هەڵمی ئەتۆم**
**لەو رۆژەدا ناوم نرا... هەڵەبشیما**
**بۆیە دەڵێم من خوشکی تۆم**

نەبەرد جاف، ل 157

**ئەی ڕێبوارە**
**باش دەتناسم**
**تۆ ئاوارەی شاری خوێنی**
**تۆ هەواڵی- هێرۆشیمایەکی تری**
**تۆ ئەفسانەی**
**حەکایەتی دڵتەزێنی**
**جەرگ بڕی**

سولەیمان کاوە، ل 195

**هەڵەبجە ئاڵا هەڵگری**
**کاروانی ڕێی شەهیدانە**
**هەڵەبجە مۆمی هەڵگیرساو**
**بۆرکانێکی خرۆشانە**
**دەریایەکی بێ پایانە**
**هەڵەبجە هێرۆشیما و ناکازاکی کوردستان!**

عەبدولخالق نەقیب، ل 214)

کتێبی‹**شیوەنی ئینسانی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە**›. کۆکەرەوەی هۆنراوەکان‹ **تەنیا** ›}.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو مرۆڤدۆستانە کە لە خەمی کارەساتی هەڵەبجە و تێکڕای گەلی کورد و گەلانی جهاندا قەنەس ئاسا ئەسوتێن، ئەو هەڵسەنگاندنە، ئەو بەیەک چوواندنە بەڕوا نازانم. ئێستا بە کورتی ئەرۆمە ناو باسەکەوە. لێرەدا کورتەیەک لە بیئۆگرافی هەڵەبجە و هێرۆشیما پێویستە.

**هەڵەبجە:** نزیکەی 75000 کەسی لێئەژیا، بەپێی یەکەم ڕاپۆرتی ڕادیۆی (**دەنگی گەلی کوردستان**) ڕادیۆی (**یەکیەتی نیشتمانی کوردستان**) 22000 کەس بە گازی شیمیایی شەهید بوون و خەڵکێکی زۆریش بریندار بوون. بەڵام ماسمیدیای جهانی وەک ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکان بە تێکڕا ئەو ژمارەیان هێنا خوارەوە بۆ 5000 تا 6000 کەس شەهید و چەن هەزاریش بریندار. وەک نووسەری ئەم چەن دێڕە لەسەر ئەو باوەڕەم ماسمێدیا ڕۆڵی چەواشەگەرانەی گێڕا و سیاسەتێکی بەڕێوە برد کە بە سودی دەوڵەتی ئێراق و بە زیانی گەلی کورد بێ! دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە هەر کەس و هەر لایەنێک ڕادەی کوژراوەکانی بردە سەرەوە ستایشی بکرێت، بەڵکو کوشتن و لە ناوچوونی مرۆڤ خۆی جێگەی خەم و پەژارەیە.

**هێرۆشیما:** 344000 کەسی لێئەژیا، 200000 کەسی شەهید بوون.
سەرچاوە کتێبی **ناسیۆنال سیکۆلۆپیدیەن** لاپەڕە 15

**ناکازاکی:** 36000 کەس شەهید و 43000 یش بریندار بوون. کتێبی **فکوس** لاپەڕە 2152

هەموو ئەوە ئەزانین جەنگەکانی یەکەم و دووهەمی جهان بۆ دابەشکردنی کانە بەهادارەکانی ژێر زەوی وەک **نەوت، تەلا، کانۆچۆ** ... لە نێوان ولاتە زلهێزکانی جهاندا هەلگرسا. با بزانین کارنامەی سیاسی **یابان (ژاپۆن)** لەو دەورەدا چۆن بووە.

**کارنامە سیاسی (یابان – ژاپۆن) زۆر بەکورتی**

{(یابان لە مانگی ژویە 1937 هێرشی بۆ چین برد، لە کاتی داگیرکردنی شاری **نانکەن** دانیشتوانی ئەو شارەی کۆمەلکوژ کرد و سەروەت و سامانەکەیانی تالان کرد. پاش ئەم هێرشە پێشنیاری ئاشتی بە چین دا. لە قەراردادی ئاشتیدا دەسەلاتێکی فراوان درا بە یابان بۆ دەرهێنانی کانە ژێر زەوییەکانی ئەم ناوچەیە دەولەمەندە، هەروەها قەراردادی کومگریکی تازە بەپێی بەرژەوەندی یابان نووسرا. یابان ئەیویشت چین بکەوێتە ژێر کۆنترۆلی، بەلام چانکایچک ملی بەوە نەدا و کەوتە بەرگریکردن لە چین.)

**کتێبی** – تاریخ معاصر، بەرگی 3 لاپەڕە 732 نووسەر ژاکپیرن- وەرگێڕ رەزا مەشایەخی}.

لە جەنگی دووهەمدا ( **ئالمانی نازی و ئیتالیا و یابان** لە بەرەیەکدا بوون. **ئەمریکا و ئینگلیز و روسییە** ... بەرەیەکیتر. ئەرتەشی ئالمان زۆربەی ولاتانی ئوروپای داگیر کرد، بەلام سەرما و سۆلی ناوچەکانی روسییە و گیانبازی رووسەکان لوتی هیتلێری لە بەرد دا. یابان کە ئەو کارەساتەی ئالمانی بینی خۆی نەخستە گێژاوی شەڕگەی روسییە، پلانێکیتری بۆ خۆی داڕشت، بەپێی ئەو پلانە رۆژی 7ی دسامبری 1941 بە فرۆکە و پاپۆڕی جەنگی هێرشی کردە سەر بنکەی دەریایی ئەمریکا لە (**پرهارلبور**)ی لە دوورگەی **هاوایی،** لە ماوەی چەن کاتژمێردا زۆربەی هێزی دەریایی ئەمریکا و 8 پاپۆڕی جەنگی لە ناو برد، هەروەها **سەنگاپور** کە گەورەترین بنکەی دەریایی ئینگلیز بوو بومباران کرد و هێرشی کردە سەر شوێنە ستراتیژیەکانی ئەمریکا و ئینگلیز لە ئەقیانووسی ئارام و ئەقیانووسی هێند. ژاپۆنییەکان تا مانگی مەی 1942 توانییان **مالایا، برمە، فلیپین و ئەندونزی** داگیرکەن.).

**کتیبی** تاریخ مختصر جهان از پیروزی انقلاب کبیر اکتبر در روسیە تا پایان جەنگ دوم جهانی، وەرگێڕ محەمەد تەقی فەرامەرزی ، لاپەڕە 310)

( لە گۆتای سالی 1944 بارودۆخی جەنگ لە خۆرهەلاتی دوور(شرق الاقصی) و باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا شپرزە بوو، یابان برێ لەو ناوچانەی کە داگیری کرد بوو، لە دەسدا، بەلام بەو حالەش هێزێکی مەزن بەتایبەت هێزی زەمینی بە دەستەوە بوو، ئەم هێزە زیاتر لە **پێنج ملیۆن** کەس بوو. بەریتانیا و ئەمریکا بۆیان دەرکەوتبوو کە توانای ئەوەیەیان نییە، لە ماوەیەکی کورتدا یابان تێکشکێنن، هەر لەبەر ئەوە داوایان کرد لە سۆڤییەت دژی ژاپۆن بەشداری جەنگ بکات.

حکومەتی سۆڤییەت لە رۆژی 9 ی ئابی 1945 بە پێ قەراردادی کۆنفرانسی یالتا چووە مەیدانی جەنگی یابان. لەم قۆناغەدا بنکەی بەرگری یابانی لە باکوری

رۆژئاوی چین و کۆریای باکور بە دەس ئەرتەشی روسییە تێکشکێنرا. رۆژی 6 و 9 ی ئابی 1944 فرۆکەکانی دەولەتی ئەمریکا شارەکانی هێرۆشیما و ناکازاکی یان بومبارانی **ئەتۆمی** کرد. رۆژی 2 ی سپتامبری 1945 یابان قەراردادی خۆ بەدەستەوەدانی بە شەرت و مەرج مۆر کرد و شەڕی دووهەمی جهان کۆتای پێهات.). لاپەڕە 235 هەمان سەرچاوە.**}.**

ئەوە کورتەیەک بوو لە کارنامەی سیاسی یابان و هۆکاری کارەساتی هێرۆشیما و ناکازاکی کە یابان ئەیویست بە **داگیرکردنی چین، برمە، فلیپین، مالایا، ئەندۆنزی** و بە **پێشێل کردنی مافی دانیشتوانی ئەو ولاتانە** بەشی خۆی لە دابەشکردنی جهان مسۆگەر بکات.

**با لە ژیانی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان کە هەڵەبجەی لە خۆ گرتووە، بکۆڵینەوە.**

پاش جەنگی یەکەمی جهان و هەرس هێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی، چەندین نەتەوە ئازاد بوون، چەندین حکومەتی تازە پێکهات، کوردستان کە تا ئەو دەم دوو پارچە بوو، کرا بە چوار پارچەوە، ئەگەر پێشتر لە لایەن دوو دەوڵەت و دوو نەتەوەی تورک و فارسەوە ولاتەکەیان داگیر کرابوو، پاش جەنگی یەکەم بوو بە چوار بەش دەوڵەتانی ئێراق و سورییە و نەتەوەی عەرەبیش بوون بە داگیرکەری کوردستان.
نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک کە شەیدای ئازادی و دەسەلاتی سیاسی خۆیەتی، دەستی کرد بە چالاکی سیاسی لە پێناو ئازادی کورد و سەربەخۆی کوردستان بەگشتی و ئەو بەشەی کە خرایە سەر نەخشەی ئێراقی تازە دروست کراو بەتایبەتی. کریس کۆچێرا ئەڵێ:
{(**بە پێ هەبوونی جوڵانەوەی سیاسی لە کوردستان، ئینگلیزییەکان نەیان ئەتوانی هەروەها سادە بە سەر مەسئەلەی کوردستاندا تێپەڕن. ناچار هاتنە سەر ئەوەی لە** 6 **ی مانگی مەی** 1921 **لە کوردەکان بپرسن، ئایا ئەیانەوێ لە ژێر چاودێری حکومەتی ئێراق دا بمێننەوە؟ هەڵبژاردن لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراودا هاتە پێشەوە: لە سلێمانی تەنیا کەسانێک دەیانتوانی راستەوخۆ دەنگ بدەن کە نرخ و بەهای خانووەکانیان** 1000 **ریاڵی بهێنایێت!**
**لە** 200 **کەس کە بەو شێوە دیاری کرابوون بۆ دەنگدان** 190 **کەس بەشدارییان کرد. لەو** 190 **کەسە** 32 **کەس دەنگیان بەوە دابوو کە ناوچەی سلێمانی بخرێتە سەر ئێراق. خەڵکی هەژار دەنگدانەکەیشی هەژارانەیە.**
**گەڕەک بەگەڕەک پیاوەکانیان کۆ ئەکردەوە و داوایان لێدەکردن کە بەدەست هەڵێنان دەنگی خۆیان دەربڕن، بەڵام هەستی نەتەوایەتی بەڕادەیەک بەهێز بوو یەک کەسیش دەستی بڵند نە کرد و کەس دەنگی بەوە نەدا کە بیانبەستن بە ئێراقەوە.**
**لە گەڕەکی ‹جولەکان›** 92 **کەس دەنگیاندا،** 4 **کەسیش بە دژی ئەوە دەنگیاندا. لە ناوچەکانی دیکەی سلێمانی قایمقام خەڵکی بۆ گوندەکان نارد، لە** 6000 **دەنگ** 5000 **دەنگ دژی ئەوە بوون کە ناوچەکەیان بکەوێتە سەر ئێراق. ئەوانی دیکە دەنگیان نەدا، واتە ‹متەنع› .**
**لە رۆژی** 10 **ی مانگی ئۆکتۆبری** 1992 **شێخ مەحموود حکومەتی باشوری کوردستانی راگەیاند. شاری سلێمانی کرد بە پێتەخت و هەشت وەزیری بۆ کابینە دیاری کرد، پاش مانگێک ئاڵای بۆ کوردستان دیاری کرد، هەروەها پول(تەمری پۆست)ی چاپ کرد و خۆیشی وەک پادشای کوردستان ناساند. بەڵام بە هاوکاری دەوڵەتانی ئێراق و ئینگلیز حکومەتی کوردستان لەناو برا.**

لاپەرەکانی109 – 110 – 111 کتێبی (جنبش ملی کرد – نووسەر کریس کۆچێرا- وەرگێران بە فارسی ئیبراهیم یۆنسی.}
**تێبینی: ئەو کتێبەی کریس کۆچێرا لە لایەن کاک محەمەد ریانی کراوە بە کورد، بۆ ئەم باسە لەو کتێبەیش سوودم بردووە.**

پاش نەمانی سیستمی پادشای لە ئێراق و هاتنە سەرکاری سیستمی کۆماری، گەلی کورد بە هیوا بوو بە مافی سیاسی و ئینسانی خۆی بگات، رابەرانی کوردستان لە پێناو ئاشتی و ئازادی چەندین جار پێشنیاری وتووێژ کردنیان دا بە عەبدولکریم قاسم و عارف .... تا سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی وتووێژ بکەن.
**رابەرانی شۆرشی کوردستان بۆ ئەوەی کێشەی گەلێ کورد بە ئاشتی چارەسەر کرێت ئامادە بوون چاوپۆشی لە برێ لە مافەکانیش بکەن، بەڵام رابەرانی ئێراق و دنیای ئیسلام و عەرەب و ئێران، شۆرشی کوردستانیان بە دەسکردی ئەمپریالیزم و زایۆنیزم ئەدایە قەڵەم.**

{(رابەرایەتی شۆرشی کوردستان، جەلال تاڵەبانی نارد بۆلای جەماڵ عەبدولناسر تا سەربارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی ئێراق و شۆرشی کوردستان ناوبژی بکات، پرزدێنت ناسر پشتیوانی لە کوردەکان کرد و کوتی:
(**هیچ کەسێک هەبوونی نەتەوەی کورد ئینکار ناکات و ئەم نەتەوە مافی خۆی هەیە، یەکێک لەو مافانە خودموختارییە.** پاشان ئەوەی دەسنیشان کرد کە عەرەبەکان دوژمنێکی گەورەی وەک ئیسرائیلیان هەیە و کوتی: **کاتی ئەوەمان نییە باسی کێشەی ناوخۆ بکەین..... کوردەکان دەبێت لە چوارچێوەی ئێراقدا بەمافی خۆیان بگەن.** لەگەڵ ئەو راستگۆییەی ناسر سەبارەت بەو باسە، ئەو هەڵوێستەی ناسر رەسمی نەبوو. ناسر ئەوەی دەزانی ئەگەر یەکیەتی لەگەڵ ئێراق و سورییە پێک بێت و دان بە ئۆتۆنۆمی کوردەکاندا بنێت، ئابرووی لە جهانی عەرەبدا دەکەوێتە مەترسییەوە. ،،
(ل ـ 287 هەمان سەرچاوەی پێشوو).}.

رابەرانی ئێراق لە بری ئەوەی وەڵامی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە ئاشتی بدەنەوە، هەردەم لە پیلانگێریدا بوون بۆ ترۆری رابەرایەتی شۆرشی کوردستان! پاش چوار ساڵ هەوڵ و تەقالای گەلی کورد و راگرتنی چالاکی پێشمەرگانە بە فەرمانی رابەرایەتی شۆرش لە پێناو ئاشتیدا، دەوڵەتی ئێراق بۆ ئەوەی هیچ مافێک بە گەلی کورد نەدات لە ساڵی 1975 لە ئەلجەزائیر چۆکی بۆ ئێران دادا. باشترین بەڵگە بۆ ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی ئێراق ئێعترافە مێژووی کەی سەددام لە ساڵی 1980 لە تەلەڤیزیۆنی ئێراقدا لە کاتی دراندنی پەیماننامە ئەلجەزائیر، کوتی: **ئێمە بۆیە ئەو ئیمتیازەمان بە ئێران دا، تا شۆرشی کوردستان لەناو بەرین.** پاش رێکەوتنی ئەلجزائیر پرۆسەی وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستان و راگوێزانی کورد لە کوردستان و عەرەبستان دەستی پێکرد و سیاسەتی تەعریب هاتە ئاراوە.

ساڵی 1984 کە دەوڵەتی ئێراق گیرۆدەی جەنگی ئێران بوو، شۆرشی کوردستان هەمدیسان دەستی ئاشتی بۆ رابەرانی ئێراق درێژ کردەوە، بەڵام رابەرانی ئێراق

هەر بەهەمان سیاسەتی تەفرەدان و پیلانگێڕی و کاری ترۆریستی وەڵامی دەنگی ئاشتیخوازانەی شۆڕشی کوردستانیان دایەوە. لە ساڵی 1986 وە پرۆسەی شیمیابارانی کردنی کوردستانیان کرد بە بەرنامەی حکومەتەکەیان و تا ساڵێک پاش بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە لە هەموو ناوچەکانی کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک بەرێوەیان ئەبرد.

**ئەوەش کورتەکەی بوو لە ژیاننامە سیاسی کوردستان و هۆکاری بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە**

ئەو بۆچوونەی کە هەڵەبجە و هیرۆشیما وەک یەک دەبینێت، لە چەن روانگەوە ئەکری راست بێ!

1 – **گەلی یابان وەک گەلی کورد گەلێکی ژێردەستە بوو بێت. خۆشبەختانە گەلی یابان ژێردەستە نەبووە.**

2 – **وەک ئەزانین دەوڵەتی ئێراق و دەوڵەتانی جهان و رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەک هەڵەبجە بە شارێکی ئێراق ئەزانن. ئەو دەوڵەتە، واتە خودی دەوڵەتی ئێراق هەڵەبجەی شیمیاباران کرد، بەڵام هیرۆشیما بەدەست دەوڵەتێکی دیکە واتە ئەمریکا بوومبارانی ئەتۆمی کراوە.**

3 – **هەموو ساڵێک لە ساڵرۆژی بوومبارانی ئەتۆمی هیرۆشیما و ناکازاکی، دەوڵەتی یابان هێرشی سیاسی ئەکاتە سەر سیاسەتی ئەمریکا، ئایا دەوڵەتی ئێراق ساڵرۆژی شیمیابارانی هەڵەبجە بەرێوە ئەبات ؟ وەک نووسەری ئەم چەن دێرە لە سەر ئەو باوەڕەم دەوڵەتی ئێراق لەناو ریزەکانی خۆیدا شانازی بەو کارەوە ئەکات.**

4 – **ئایا گەلی کورد و شۆڕشی کوردستان سیاسەتی کۆلۆنی کردنی گەلانی دراوسێی کوردستان وەک یاقبان پەیرو کردەوە؟**
خۆشبەختانە شۆڕشی کوردستان لەو سیاسەتە بەدوور بووە، هەردەم بەپێی توانا یارمەتی گەلانی دراوسێی داوە، حیزب و رێکخراوەکانی ئێرانی، ئێراقی، تورکییەی و سوورییە و زۆر لە سیاسییەکانی تورک و فارس و عەرەب پەنایان بۆ کوردستان هێناوە. بۆ نموونە: حیزبی شیوعی ئێراق- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، راه کارگر چریکی فیدای خەڵکی ئێران، پەیکار، موجاهیدین.. .
لە کاتی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر نەتەوەی ئەرمەنی، هەندێک ئەرمەنی رووی کردە ئەو ناوچانەی کوردستان کە لەژێر کونترۆڵی عوسمانیدا نەبوو، لەو بەشەدا بەپێی توانا یارمەتی دران، بەڵام بە پێچەوانەوە لەو بەشەی کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو، بە پروپاگەندەی ئایینی هەندێ سەرۆک عەشیرەی کورد هاندران و زیانی گیانی و ماڵییان بە ئەرمەنییەکان گەیاند. بەرێز **دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبی کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهاندا** ئاماژەی بەو باسە کردووە.

وەک ئەبینین جیاوازییەکی مەزن لە نێوان هۆکاری کارەساتی یابان و کوردستاندا هەیە! هیوادارم ئەم باسە نەچێتە ئەو جێگە و بڵێن: بیر لە کوشتنی 250000 کەسی

یابانی ناکاتەوە، و پاکانە بۆ سیاسەتی ئەمریکا ئەکات و **بە چاوی سووک و بێبەها لە ئەدیب و سیاسیی و هۆنەرمەندانی کوردستان ئەڕوانێت.**

سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە گەلی کورد و کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە سەرۆککۆماری نەمر **قازی محەمەد** و پەیماننامە خوێناوییەکەی 1975 لە ئەلجەزائیر بەپێی بەرژەوەندی ئەمریکا لەسەر گەلی کورد ئەنجامدرا.

**بۆ ئاگاداری**

دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی 1982 گوندی (**باینجان**)ی لە **سەرشیوی سەقز** بومبارانی شیمیای کرد، کە بووە هۆی شەهید بوونی چەن کەس، زیاتر لە 10 کەس بریندار بوون.

لە کاتی شیمیاباران کردنی ناوچەکانی سەر بە شاری **رانییە** لە رۆژی25 ی مانگی ‹**گوڵان= مای**› ساڵی 1988 بنکەی (**ریکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە**) لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە شیمیاباران کرا، کە بووە هۆی شەهید بوونی 23 کەس و چەن کەسیش زیانیان بینی. رابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نارەزایەتی بەو کارەی دەوڵەتی ئێراق دەربڕی! دەولەتی ئێراق رایگەیاند: ئەوە هەڵەی فرۆکەوانەکان بووە، **ئێمە داوای لێ بوردن ئەکەین.**

**ناوچە شیمیای بارانکراوەکانی کوردستان لە لایەن (دەوڵەتی ئێراق)ەوە**

{ **سلێمانی**

| | |
|---|---|
| هەڵەدن، مینار، زرگوێز، چنارە، بەرگەڵو و ئالان. | 1987/4/15 |
| تۆتمە، کانییەرد | 1987/4/16 |
| قزلان، ملوانکە | 1987/4/17 |
| قەیران، قرناقا، پیرەمەگرون | 1987/4/19 |
| شاری قەرەداغ و ناوچەکانی | 1987/4/21 |
| دۆڵی جافایەتی تا قەڵادزێ | 1987/9/13 |

**هەولێر**

| | |
|---|---|
| ناوچەی شوان | 1987/4/4 |
| گولیخان، کۆڕێ، بالیسان | 1987/4/19 |
| گۆمەشین، هێران، دۆڵی بالیسان، شێخوسان، تەقتەق | 1987/4/20 |
| ناوچەی شەقڵاوا | 1987/9/6 |

**ناوچەی دهۆک**

| | |
|---|---|
| ئەتروش، سپیلکە، سەتەنگ، دێرگڵ ... | 1987/4/9 |
| مەڵبەندی ئامێد 48جار لە مانگی مەی | 1987/5 |
| سەرسنوری تورکییە و گوندی ئاشوری و کوردی | 1987/9/7 |

( سەرچاوە کتێبی، **سی ساڵ خەبات و ڵاتێکی وێران**، نووسەر ‹**کرمانج گوندی**› ل 46 و 47 و 48 }.

سەعی سەقزی